


لوقمان ڕادپەی

# کورد پێویستی بە ستراتیژی جیاواز هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵوێستی دوولایەنخوازانەی چەپ، ئیسلامی و خۆرئاوایی

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت | کاروباری جیهانی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

ژووری هزری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | Middle East Forum

# کورد پێویستی بە ستراتیژی جیاواز هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵوێستی دوولایەنخوازانەی چەپ، ئیسلامی و خۆرئاوایی


## لوقمان ڕادپەی



ژووری هزری کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Middle East Forum)

ئۆگۆستی 2024

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

تـوركیا بەردەوامە لە بە ئـامـانـجگرتنی خەڵکی سیڤیل و ڕۆژنـامەنـووسـان بە درۆن لە نـاوچە کوردستانییەکانی سوریا و عێراق. لە وڵامـدا دامەزراوەکانی مـافی مـرۆڤ و ئەوانیتر بە شێوەیەکی بەرین بێدەنگن. کاتێک حکومەتی سەربازی میانمار دەسی بە ڕەشەکوژی مـوسڵمانـانی ڕوهینگیا کرد، دەوڵەتی گامبیا داخوازییەکی یاسایی ئاراستەی دادگای دادی نێونەتەوەیی کرد. لە ئۆکتۆبری 2022، ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان داخوازییەکان بۆ مشتومڕ لەسەر جینۆسایدی موسڵمانانی ئیغور لە لایەن چینەوەی ڕەد کرد. لە دێسامبری 2023، ئەفریقای باشوور لە دادگای نێونەتەوەیی باڵا کەڵکی وەرگرت تاکوو هەوڵی ناچارکردنی ئیسرائیلی بۆ ڕاوەستانی ئۆپراسیۆنەکانی لە غەزە بـدات. تـورکیا بە هیچ دوودڵییەک لە هەوڵەکانی ئەفـریقای بـاشـوور پـاڵپشتی کرد. ئـاوا دژبەیەکییەکی ئـاشکرا ئەم پـرسیارە دەوروژێنێت کە: چ شـتێکی دیاریکراو دەبێتە هۆی ئەوە دەوڵەتەکان نـوێنەرایەتی خەڵکانێک لە پـانـتایی نێونەتەوەییدا بکەن بەڵام لە هەمـانکاتیشدا چاوپۆشی لە ئەوانی دیکە بکەن؟

کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە گشـتی لە تێکۆشـانی کوردەکان بۆ مـافی دیاریکردنی چـارەنـووس چـاپۆشی کردووە. لە درێژەی یەک سەدەدا، دەوڵەتی تورکیا لە چەن مەودادا کوردەکانی کۆمەڵکوژ کردووە؛ لەم دووایيانەدا شارەکانی کوردستان لە تورکیا لە ساڵەکانی 2015 و 2016 خاپوور کران و لەوە دوواش شـارۆچکە و گـونـدەکانی ئەو دیوی سـنوور لە سـوریا و عێراقی کردە ئـامـانـج. لە هەمـانکات کوردەکان بە شێوەیەکی نـاهـاوڕێژە سەرکووت کراون؛ ڕژیمی سـوریا دەیهەوێ ئەوان تەعـریب بکات و دەوڵەتی ئێرانیش پـلانی تەفـریسیانی [بە فـارسکردن] هەیە. دەوڵەتی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو و نایەکسان لەگەڵ گرووپە نەتەوەیی و ئێتنییەکانی دیکە لە ئێران، کوردەکانی لە سێدارە داوە.

لە درێژەی ئەم مێژووە لە سەرکوت لە سەرانسەی کوردستان، ئەنجومەنی گشتی نەک یەک بڕیاریشی دەرنەکردووە بەڵکوو تەنانەت یەک گەڵاڵەشی سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردەکان پێشنیار نەکردووە. بێ مەیلی دەوڵەتەکان بۆ کردەوەی دژ بە سەرکوتی کوردەکان هەم یەکگرتوویی سیستەمی یاسای نێونەتەوەیی لاواز دەکات و هەم ئەوەیکە لایەنگرییە ئایدیالۆژیکەکان کە بەسەر سیاسەتی جیهانیدا کاریگەرە ئاشکرا دەکات.

دوو هاوپەیمانی دۆخی نائاسایی کوردستان بەردەوام ناگرنگ پێشان دەدەن یان چاوی لێ دەپۆشن؛ زۆربەی کات دۆسیەگەلێک زەق دەکەنەوە کە لە ڕووی ئەخلاقییەوە ڕوون نین. دەوڵەتە چەپ و ئیسلامخوازەکان ڕاڤە و دۆسیەی جۆراوجۆریان هەیە بەڵام دەرەنجامەکە سەبارەت بە کورد یەکسان بووە: چاوپۆشی.

دەوڵەتە سۆسیاڵیستەکان کە ئایدیالۆژی دژە-ئێمپێریاڵیستی دەکەنە زوڕنا و بانگەوازی بۆ دەکەن، دۆسیەگەلێک لە پێشەوە دادەنن کە لە ڕووی ئایدیالۆژیکیشەوە ناکۆکیان لەگەڵدا هەیە. ئەوان ڕەنگە لە بزووتنەوەگەلی دژە-کۆڵۆنیاڵ پاڵپشتی بکەن کە توانای زەبر وەشاندنێکی بچووکیان لە خۆرئاوا هەبێت؛ بەڵام سەبارەت بە دەوڵەتگەلێک وەکوو ئێران، عێراق و سوریا کە لە ژێر پەنجە و کۆنترۆڵی ئێمپێریاڵدان و هێرشبەریشن، بێدەنگ دەبن. تورکیا خۆی لە پێگەی پێشووی ئێمپراتوری عوسمانی دەوڵەتێکی ئێمپێریاڵ بوو. بەڵام پاڵپشتی تورکیا لە ڕێتۆریلگەلێک وەکوو "دیکۆڵۆنیزەیشن" یان "ڕزگاری"، زۆربەی جار بە بێ کێشەسازکردن دەمێنێتەوە.

هەروەها ئایین بەرگێک بۆ داپۆشینی سەرکوت دابین دەکات. هەرچەن کە زۆربەی کوردەکان موسڵمانن بەڵام لە کردەدا زۆر میانەڕەوتر لەو سەلەفییانەن کە سعودی فاندیان دەدات یان

ئیخوان موسلمین کە قەتەر پاڵپشییان دەکات. تەنانەت دەوڵەتگەلێک کە بە نێو سیکۆلارن، ئازار و ئەشکەنجە بە سیمبۆڵیسمی ئایینی دەپێچنەوە. ئەمە زۆربەی جار لە خۆگرتووی دەبڕینێکی قورئانی وەک سەرچاوەهێنانێکە بۆ پاساوی ئۆپراسیۆنەکان دژ بە کورد. لە ساڵی 1980دا، کۆماری ئیسلامی ستراژی هێرشەکەی دژ بە کورد بە "ئەلفەتح" ناو نا و سەدام حوسەینیش هێرشەکەی خۆی بە "ئەلئەنفال" ناو برد. سەرەڕای ئەوەیکە تورکیا خۆی وا پێشان دەدات کە مزگەوت و دەوڵەتی لە یەک جیا کردووەتەوە بەڵام دیسان لە زمانێکی ئایینی بۆ ناونانی ئۆپراسیۆنەکانی کەڵک وەردەگرێت. ئۆپراسیۆنی "لقی زەیتوون"ـی 2018ـ دژ بە کوردەکان لە سوریا، و هەروەها کەڵوەرگرتنی لە "کافر" لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی تورکیا.

ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر خۆرئاوا هەیە؟ زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوایی نە دژە-کۆڵۆنیاڵن و نەک ئیسلامخواز. گەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی دەکەن و سوپای ئەمریکاش لە بەڕێوبەرایەتی خودموختاری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا (ناسراو بە ڕۆژاوا) پاڵپشتی دەکات؛ بەڵام خۆرئاوا بە گشتی سیاسەتەکانی ڕوو بە کورد دەخاتە ژێر سێبەری بەرژەوەندی دەوڵەتانی میواندار [دەوڵەتانی ناوچە].

بە دڵنیاییەوە وڵاتانی خۆرئاوا دەبێت مەیلیان بۆ درووستکردنی سیاسەتێکی یەکدەست لەمەڕ کوردەکاندا هەبێت. زۆربەی ئەو پەنابەرانەی کە لە دارستانەکانی بیلاروس سەرما دەیانبات یان لە کاناڵی ئینگلیسیدا دەخنکێن، کوردەکانن وا لە نادڵنیایی، ناسەقامگیری یان لە شێواویی لە نێو ماڵ و دەوڵەتانی سەردەست ڕا دەکەن. ئەڵبەت ڕوونە کە کوردەکان خۆیان خاوەن دەسەڵاتن و ناتوانن هەموو گەندەڵی و تێکچوونەکان بخەنە ئەستۆی دەرەوەی خۆیان. بەڵام گەندەڵی لە

نــاوچەی خۆڵەمێشی گەشە دەکات، ئەو نــاوچەیەی کە دەوڵەتەکانی لە شەڕخــوازەکان پــاڵشتی دەکەن بەڵام ڕێگە نادەن کورد حکومەتێکی بەرپرسیار دابمەرزێنێت.

کوردەکان هەروەهــا نــاتــوانــن وێنای یەکجۆر ســتراتــژی یەک قەبــارەیی بۆ بەدەســتهێنانی خـواسـتەکانیان بکەن. لە کاتێکدا وا ڕەنـگە کاربەدەسـتە کوردەکان لەگەڵ خۆرئـاوادا لۆبی بکەن و بەدووای یــارمەتی و پێــگەی بەرزتـــری نـــوێــنەرایەتی بـــگەڕێــن؛ ڕێــبەرە کــوردەکــان دەبێــت نەخشەڕێگەیەکی نوێیش بۆ پابەندییەکی بەرشتتر دیاری بکەن تاکوو شوێنکەوتووی خواست و هەوەسەکانی ئانکارا، بەغداد و تاران نەبن.

هەروەها ڕەنگە کوردەکان پێویستیان بە ستراتژییەکی دیکەش بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی وڵاتانی چەپ و دژە-کۆڵۆنیاڵ لە ئەفریقا هەبێت؛ وڵاتـانێک کە بیانـهەوێت لە هەمـان ئـاسـتی یارمەتی بۆ ڕوهینگا و فەڵەستین پاڵپشتی لە کورد بکەن. ئاوا ستراتژییەک بۆ زەقکردنەوەی ئەو دووڕوویییەی دادگـــای دادی نێونەتەوەیی و ئەنـــجومەنی نەتەوە یەکگرتـــووەکان، دەبێت درێژ ببێتەوە بەرەو سەرنجێک لەسەر ئارەزووەکانی نەتەوەی کورد.

لە کۆتـــاییـدا، کـوردەکـان دەبێت ئەم خـــاوەنـــدارییە بەدگـــومـــانـــانەی ئـــاییـن وا لە لایەن ئیسلامخوازەکانەوە بۆ سەرکوتی خەڵکانێک کە ژمارەیان دەیان میلیۆن کەسە، بخەنە ژێر ڕەخنە. کورد دەبێت بە شێوەیەکی فکری و دیپلۆمـــاتیک لەمە تێبگات کە کۆتـــایی هێنان بە سەرکوت، زیاتـر پێویستی بە تێڕوانینگەلی چەن ئـاسـت و داڕێژراو هەیە، تـاکوو بە سـتراتـژییەکی یەکجۆر و یەک قەبارە لە ئاستی جیهانیدا.

---

## سەرچاوە:

https://www.meforum.org/middle-east-forum-observer/kurds-need-separate-strategies-to-overcome-leftist-islamist-and-western-ambivalence

* د. لوقمان ڕادپەی لێکۆڵەرێک لە سکاتلەندە. کارناسی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەندامی هاوکاری "کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (Middle East Forum) و نووسەری کتێبی "بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ: مافی چارەیخۆنوسین لە یاسای نێونەتەوەییدا". ڕادپەی لە درێژەی یەک دەیەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرین لەسەر دۆخی یاسایی پرسی کوردستان و ڕەهەندە یاساییە نێونەتەوەییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و نەتەوەکان نووسیویەتی.